وەزیرانی دەرەوەی عێراق و تورکیا جەخت لە پێویستی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە دەکەنەوە



وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن و هاوتا تورکیەکەی هاکان فیدان، گفتوگۆیان کرد لەبارەی هێرشی ئێران بۆ سەر هەولێر، و هاوکات جەختیان لە پێنابردنە بەر دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرژییەکانی ناوچەکە کردەوە.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەمڕۆ، جۆگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا هاکان فیدان ئەنجامدا،و ئاشکراشیکرد: حسێن هاوتا تورکیەکەی لە وردەکاری هێرشەکەی ئێران بۆ سەر شاری هەولێر ئاگادار کردەوە.

ئاماژەی بۆشکرد: هەردوولا بیروڕایان لەبارەی پێشهاتەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی ململانێی چەکداری نێوان پاکستان و ئێران ئاوگەڵ کرد.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، فیدان کورتییەکی بە حسێن باسکردووە، لەبارەی دواین پێشهاتەکانی سەبارەت بە پەیوەندیانەی لەگەڵ لایەنی ئێرانی و پاکستان هەیبوو سەبارەت بە قەیرانی ئێستای نێوان هەردوولا. هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، هەردوو وەزیر جەختیانکردەوە: لە پێویستی پێنابردنە بەر دیالۆگ و دانوستان و هاوڕ بە چارەسەرکردنی کێشە و گرژییەکانی ناوچەکە بە شێوەیەك کە خزمەت بە سەقامگیری

بکات و بەشداربێت لە دامەزراندنی ئاسایش.

هەروەك تێئکیدیان لە گرنگی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا و پەویستی پتەوکردن و پەرەپێدانیان کردووە.

هەروەها ئاماژەیان کرد: بە بەهێزی ئەو پەیوەندییە برایەتییەی کە لە نێوان هەردوو وڵاتی دەستدا هەیە، و پێرشی خێیان دووپاترکردەوە بە بەردەوامبوون لە کارکردن و هەماهەنگی و هاوکاری لەسەر پرسە جیاوازەکانی خەمی هاوبەش.